# گروپی لاوانی کەمئەندامانی کوردستان
# سەردانی وەزارەتی مافی مرۆڤ-یان کرد

لە رۆژی 2007/4/22 بەڕێز د. شوان مەحەممەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤی حکومـەتی هەرێمی کوردستان لە نوسینگەی تایبەتی خۆی لە دیوانی وەزارەت چاوی کەوت بە گروپی لاوانی کەمئەندامانی کوردستان.

لەم دیدارەدا باس لە چۆنیەتی هاوکاری کردنیان و هەماهەنگی کردنیـان کـرا لەلایـەن وەزارەتەوە، هەروەها چەند پڕۆژەیەکی خزمەت کردنی لاوانــی کەمئەنـدامان بــاس کــرا سەرەڕای داواکاریان بۆ بەدواداچوون و چارەسەرکردنی چەند کێشەو گیروگرفتێك لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، شایانی باسە لەم دیدارەدا بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مافی مرۆڤ ئامادەبوو...